ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

**Journal of Language Studies**

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Adjective in Linguistic Schools: Traditional, Generative, Cognitive

**Inst. Serwan Samen Ahmed ***
**Kurdish Department, University of Kurkik**
**E-mail: Serwansamen4@gmail.com**
**------------------------------------------------**
**Asst. Inst. Aram Rasheed Majeed**
**General Directorate of Education of Kirkuk**
**E-mail: arammajeed@gmail.com**

**Keywords:**

-adjective
-traditional
-generative
-cognitive

## Article Info

**Article history:**

**Received: 12-٧-2021**

**Accepted: 1-9-2021**

**Available online**

**23-1-2022**

**Abstract** The research is titled (Adjective in linguistic schools - traditional, generative, Cognitive). The research aims to study the adjective in the Kurdish language as a linguistic category. The types of adjectives were classified according to the linguistic schools, based on many principles. The traditional school concerned with the semantic principle to determine the class of adjectives. In the Generative school, the principle of position and function were two basic principles for defining an adjective. In the Cognitive theory, the principles of the adjective-noun relationship, the position of the adjective from the noun, and how the characteristics of nouns are presented through adjectives, were basic principles for defining the adjective and its types.

The research is divided into three parts, the first section includes a review and a historical presentation of the researchers'concerns in classifying adjectives and their forms in the Kurdish language.
In the second section of the research, examples of adjectives in the Kurdish language are presented from the perspective of the generative theory. Especially on the principle of syntactic case and the X-bar theory.

* **Corresponding Author**: Serwan Samen, E-Mail: Serwansamen4@gmail.com
**Tel**: +964750780610 , **Affiliation**: University of Kurkik -Iraq

| | |
|---|---|
| | In the third section, I dealt with the classification of adjectives in the Kurdish language from the perspective of Cognitive grammar. |

# الصفة في المدارس اللغوية – التقليدية، التوليدية، الإدراكية/العرفنة

**م. سيروان سمين احمد – كلية التربية للعلوم الإنسانية – جامعة كركوك**

**م. م. ارام رشيد مجيد – المديرية العامة لتربية كركوك**

| | |
|---|---|
| **الكلمات الدالة:-**<br><br>–الصفة<br>–التقليدية<br>–التوليدية<br>–الإدراكية<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>**الاستلام: ١٢-٧-٢٠٢١**<br>**القبول: ١-٩-٢٠٢١**<br>**التوفر على النت**<br>**23-1-2022** | **الخلاصة :** البحث بعنوان (الصفة في المدارس اللغوية – التقليدية، التوليدية، الإدراكية/العرفنة). يهدف البحث الى دراسة الصفة في اللغة الكوردية كفئة لغوية. صنفت أنواع الصفات حسب المدارس اللغوية مبنيا على مبادئ عديدة. المدرسة التقليدية اهتمت بمبدأ الدلالة لتحديد فئة الصفات. و في المدرسة التوليدية، فإن مبدأ الموقع و الوظيفة كانا مبدءان أساسيان لتحديد الصفة. أما في النظرية العرفنية، فإن مبادئ علاقة الصفة بالإسم و موقع الصفة من الإسم و كيفية عرض خصائص الأسماء عن طريق الصفات، كانت مبادئ أساسية لتحديد الصفة و أنواعها .<br>ينقسم البحث الى ثلاثة أقسام، القسم الأول تضمن مراجعة و عرض تاريخي لاهتمامات الباحثين في تصنيف الصفات و أشكالها في اللغة الكوردية .<br>وفي القسم الثاني من البحث، عرضت أمثلة الصفات في اللغة الكوردية من منظور النظرية التوليدية. وخاصة على مبدأ الحالة الإعرابية و نظرية –X بار.<br>أما في القسم الثالث، فتناولت تصنيف الصفات في اللغة الكوردية من منظور القواعد العرفنية/الإدراكية. |

# ئاوەڵناو لە نێوان قوتابخانەی تەقلیدیی و بەرهەمهێنان و درکپێکرن دا

**م. سیروان سمین احمد – كلية التربية للعلوم الإنسانية – جامعة كركوك**
**م. ي. ارام رشيد مجيد – المديرية العامة لتربية كركوك**

**پێشەکی:**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( ئاوەڵناو لە نێوان قوتابخانەی تەقلیدیی و بەرهەمهێنان و درکپێکرن)دایە، هەوڵێکە بۆ خستنەرووی ئاوەڵناو لە قوتابخانە جیاوازەکاندا لە ڕووی جۆر و پۆلینکردن و ئەرك و فۆرم و جێکەوتەوە .

**سنووری لێکۆڵینەوەکە :**

ئاوەڵناو لە چێوەی قوتابخانەی تەقلیدیی و بەرهەمهێنان و درکپێکپێکردندایە .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

لەم لێکۆلینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیرەو کراوە، لە قوتابخانەی تەقلیدییدا پێداچوونەوە کراوە بۆکارەکارەکانی پێشوو کراو و دواتر بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان و درکپێکردن وەسفی ئاوەڵناوەکان کراوە و داتاکان شیکراوەتەوە .

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە :**

دیاریکردنی فۆرمەکانی ئاوەڵناو بە پێی قوتابخانەکان، هەروەها خستنەرووی ئەو پێوەرانەی کە قوتابخانەکان بۆ دیاریکردنی فۆڕمی ئاوەڵناوەکان دایانناوە .

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ تەوەر پێکهاتووە :
لەتەوەری یەکەمدا باس لە تێڕوانی قوتابخانەی تەقلیدیی بۆ ئاوەڵناو کراوە، و بنەماکانی دیاریکردن و جیاکردنەوەی بەشەکان ئاخاوتن خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا باس لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو لەڕێزمانی بەرهمهێنان کراوە لەتەوەری سێیەمدا باس لە زانستی زمانی درکپێکردن و تێڕوانی بۆ لێکدانەوەی ئاوەڵناو و پۆلینکردنی چەشنەکانی ئاوەڵناو بەپێی ڕێزمانی دکپێکردن خراوەتە ڕوو.

**ئاوەڵناو لەڕێزمانی تەقلیدییدا**

**پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو**

لە ڕێزمانی دێریندا چەندین فۆڕم و وشە بە ئاوەڵناو دانراون بە هۆی ئەوەی پۆلی وشە و ئەرك و واتا تێکەڵکراون، بە جۆرێك ئەمە وای کردووە سنوری ئاوەڵناو زۆر فراوانتر بێت لەوەی، کە خۆی هەیە کاتێك لە ڕوانگەی ئەرکەوە لێکدانەوە بۆ ئاوەڵناو دەکەین (ئاوەڵناو وشەیەکە بۆ وەسفکردن و دیاریکردنی وشەیەکی تر بەکاردێت )(ئەورحمانی حاجی مارف، ١٩٩٢: ٦٣).
ئەمە وای کردووە چەندین کەرەستەی تری زمانی وەك (ئامرازی نیشانە، ژمارە، ئامرازی پرس، ئامرازی نادیار .....) بە ئاوەڵناو دابنرێت هەر لەم ڕوانگەیەوە چەند پێناسەیەکی ڕێزمانی تەقلیدی دەخەینە ڕوو:
'' اسمێکە حال و شأنی اسمەکەی پێش خۆی بەیان دەکا و بەو اسمە دەڵێن(مصوف) بە هەردووکیان دەڵێن (ترکیبی توصیفی) '' (کابان ١٩٢٨: ٢٥)
''سیفەت کەلیمەیەکە، بۆ تەاوکردنی مەعنای ناو یان بۆ ناوبەکاردێت ''(وەهبی ١٩٢٩: ٦١)
''خاسیەتناف ئەو ناوەیە کە جۆر و ڕەنگ و چۆنیەتی ناو دیاریدەکات ''(لیژنەی کۆری زانیاری کورد، ٢٠١١: ٦٧
+

''واژەیەکە، یا بۆ وەسفی ناوێك ، یا راناوێ، یا فرمانێکی بێهێز بەکار ئەهێنرێت''(نوری عەلی، ١٩٥٧ : ١٤ (
''ئاوەڵناو شتێکە تاریفی ناو ،یان راناو دەکات '' (هەورامی،١٩٧٣: ٦٣)
'' وشـەیەکە وەسـفی موصـوفەکەی خۆی دەکات موصـوفەکەی ناو بێت یا ڕاناو یا هەر شـتێکی تر'' (صادق بهائەدین، ١٩٧٦: ١١٣)
بۆ ئەوەی بە شـــێوەیەکی زانســـتیی جۆر و چەشـــنەکانی ئاوەڵناو دیاریبکەین لەرێزمانی تەقلیدی/نەریتیی هەندێك فۆرمی زمانی بە ئاوەڵناو دانراون ،لە روانگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە نوســـەرانی کورد زاراوە و جۆرەکانی ئاوەڵناویان بە شـــێوەی جۆراوجۆر دیاریکردوو بە خشتەیەك زاراوە و جۆرەکانی ئاوەڵناو دەخەینە روو :

| ناوی نوسەر | ئـاوەڵنـاو لـە رووی زاراوە وە | جۆرەكانی ئاوەڵناو |
|---|---|---|
| سەعید سدقی کابان | صفه | . 1سماعی ٢. قیاسی |
| تۆفیق وەهبی | ئاوەڵناو | . 1چۆنی ٢. نیشانی ٣. ژمارەیی ٤.موبهەم ٥. پرسی |
| جگەرخوێن | پەسن | . 1پەسنا راستی أ/تام ب/كیماسی ٢.چیكرۆخی/أ/رەنگ ب/زێدای |
| صادق بهائەدین | هاڤڵناڤ | . 1چۆنییـەتی ٢. ژمـارەیی ٣. نیشـــانـە ٤. هـەیی ٥. پرسیاری ٦. نەبەن |
| ك.ك. كوردۆیف | خەسیناف | . 1نیسبی ٢. چۆنی |
| ئەورحمانی حاجی مارف | ئاوەڵناو | چۆنیـەتی:أ/ نـادیـاری دیـاریكردن، ب/رەنـگ ، ج/جۆری سیفەت ، د/شێوەی مرۆڤ ، ە/چمكی دەوروبەر |
| ئەحمەد حەسەن | ئاوەڵناو | .2نسبی ٣. نادیار /أ/ جیاكردنەوە ، ب/ خاسیەت |

لەبەر رۆشـنایی ئەو پێناسـانەی سـەرەوە دەكرێت بیروبۆچوونەكانیان و دیاریكردنی جۆرەكانی ئاوەڵناو لە زمانی كوریدا لە چەند خالێكدا بخەینەڕوو :
١. بەشــی هەرە زۆری پێناســەكانی ئاوەڵناو ئاماژە بەوە دەكەن دەبنە دیارخەر واتە لێرەدا ئەرك كراوەتە بنەما هەر ئەمەشــە وایكردووە جۆرەكانی ئاوەڵناو زیاتر بێت لەوەی كە هەیە بۆ نمونە ( ئاوەڵناوی نیشـــانە، پرس ، نادیار، ژمارە ، ......هتد) هیچ یەكێكیان تایبەتمەندی ئاوەڵناویان تێدا نییە تەنها دەبنە دیارخەر ، كە ئەمە ناكرێت بكرێتە پێوەری دیاریكردنی ئاوەڵناو ئەمانە لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە هیچ ئەدگارێكی ئاوەڵناوییان تێدا نییە بۆ نمونە هەردوو مۆرفیمی (تر ، ترین ) مۆرفیمەكانی كەتیگۆری ئاوەڵناون ئەو فۆرمانە بەهیچ شێوەیەك وەرینا گرن
دووتر* ، ئەمەترین* ، كامەتر* ، ئەمانەترین* ، چۆنترین*...........هتد
لە رووی ســـیمانتیكیشـــەوە ئەم كەرەســـتانەی بە ئاوەڵناو دانراون بەڵام بەهیچ شـــێوەیەك ئەم كەرەســـتانە وەســـف یان هەڵگری واتای وەســـفیان تێدا نییە ئەو ناوچە بیریانە پڕناكەنەوە، كە ئاوڵناو پڕیان دەكاتەوە لە ئاستی سینتاكسیشدا ئەم كەرەستانە دەتوانن ببنە دیارخەری ناو بەڵام (ئەرك لە ساغكردنەوەی ئاوەڵناودا هۆكارێكی یەكلاكەرەوە نییە (
٢. لەرێزمانی تەقلیدییدا بەهەمان شـــێوەی ئەرك ، واتاش گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوە بە خالی یەكلاكەرەوە دانراوە چونكە زۆربەی پێناسـەكانی سـەرەوە ئاماژە بە وەصـف یان هەڵگری واتای وەصـــف دەكەن بە بێ گوێدانە لایەنی مۆرفۆلۆژی و ســـینتاكســـی چونكە ئەرك و واتا كراوەتە پێوەر ئەمەش بە دووشـــتی جیاواز لێكدەدرێتەوە بۆنمونە ئاوەڵناوی بكەری ئەگەر لە روانگەی واتاوە لێكدانەوەی بۆ بكەین دەبێت وەســـفی ناوێك بكات نەك وەكو بكەر ئەگەر ئەرك بنەمای جیاكردنەوە بێت ئەوا ئاوەڵناو تەنها دەبێتە دیارخەر نەك بكەر
١- نوسەرەكە هات .
٢- مرۆڤی نوسەر خۆشەویستە.

هەر پێی لێکدانەوەی ڕێزمانی تەقلیدیی ناکرێت ئاوەڵناو جگە لە دیارخەر و تەواکەری کاری بێهێز ئەرکی تر ببینن هەر بۆیە ئەم فۆرمانەش ئاوەڵناو نیین

٣. بەشێك لە زمانەوانەکان جۆرەکانی ئاوەڵناویان لە ڕووی پێکهاتنەوە ( سادە ، دارێژراو ، لێکدراو ) دیاریکردوە بەڵام زۆربەی وشەکان زمان بەم شێوەیە دابەشدەکرێت واتە ناکرێت فۆرمی وشە بکرێتە پێوەری دیاریکردنی پۆلی وشەکان .

٤. لێکدانەوەی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی تەقلیدیدا / نەریتیدا جۆرەکانی ئاوەڵناو تێکەڵکراوە ، بەجۆرێك پلەکانی ئاوەڵناو و جۆرەکانی ئاوەڵناو لای هەندێك لە زمانەوانەکان تێکەڵکراوە لە کاتێکدا پلەکانی ئاوەڵناو پەیوەندی بەجۆری ئاوەڵناوە نییە و مۆرفیمەکانی ( تر ، ترین ) دوو مۆرفیمی ڕێزمانیین و دەچنە سەر ئاوەڵناو جۆری نوێی ئاوەڵناو دروست ناکەن( بۆیە ڕاست نییە وەك وشەی جیا تەماشابکرێن واتە وشەی نوێ ڕۆنانین بەڵکو فۆڕمی جۆر بەجۆری یەك وشە دەردەبڕن .

٥. جۆرەکانی ئاوەڵناو لای نوسەرانی کورد جیاوازە هەر یەکەیان چەند جۆرێکی ئاوەڵناویان دیاریکردووە بەهۆی ئەوەی هەر یەکەیان ئەرك یان واتایان کردووە بە پێوەر یان هەندێکیان ئەرك و واتایان تێکەڵکردوە .

**بنەماکانی دیاریکردن و جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن**

**دیارییکردنی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی**

وشە تۆخمی بنەڕەتیی سینتاکسە. پرسیارەکە ئەوەیە؛ جۆرەکانی وشە چیین؟ چۆن وشەکان جیادەکرێنەوە بۆ چەشنەکانیان؟ ئایا ڕاستەوخۆ وشەکان بۆ بەشەکانی ئاخاوتن parts of speechناو، کردار،..؟ یان بە پێی پۆلەڕەگەزەکان جیابکرێنەوە؟

لە سینتاکسی نوێدا، وشەکان ڕاستەوخۆ بۆ بەشەکانی ئاخاوتن جیاناکرێنەوە، بەڵکو بە پێی پۆلەڕەگەزەکان جیادەکرێنەوە. ئەدگاری هاوبەشی بەشە ئاخاوتنەکان، پۆلەڕەگەزێك پێکدەهێنن. دەتوانرێت وشەکان بە پێی سێ شا-مەرج criteria بۆ پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی جیاواز پۆلێنبکرێن:

1. بە پێی واتا (سیمانتیك)
2. بە پێی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی
3. بە پێی گۆکردنی/ئەرکی سینتاکسیی (دابەشبوون distribution)

ئێستا تاقییدەکەینەوە با بزانین کام شا-مەرجەیان زیاتر کردەیيە (عەمەلی) و شا-مەرجێکی تەواو گونجاوە.

دەتوانرێت بە پێی واتاکانیان، وشەکان پۆلێنبکەین. شا-مەرجی سیمانتیکیی بنەڕەتیی بۆ هەر یەکێك لە ناو(N) ، کردار(V) ، ئاوەڵناو (A) و ئاوەڵکردار (Adv) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

a) N: ئاماژە بۆ کەسێك، شتێك،.. دەکات.
b) V: ئاماژە بۆ کردە و چالاکیی action دەکات.
c) A: ئاماژە بۆ تایبەتمەندێتیی property و جۆرێتیی دەکات.
d) Adv: ئاماژە بۆ کات، شوێن، فرە-جاریی و چۆنییەتیی کردە و چالاکیی (کردار) دەکات.

زۆرجار شا-مەرجی سیمانتیکیی لە پۆلێنکردنی وشەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، بەڵام هەندێکجار ناتوانرێت بە پێی ئەم شا-مەرجە هەندێك وشە پۆلێنبکرێن (ا) بۆ نموونە ناتوانرێت وشەی (شیریین) پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکەی دیارییبکرێت، ئەمەیش بە هۆی ئەو وەرچەرخانەوەconversion ، کە بەسەر وشەکەدا هاتووە. وشەی (شیریین) لە هەردوو پۆلەڕەگەزی ناو و ئاوەڵناودا پۆلێندەکرێت. پەیوەست بە وشەکانی (ئازاد، ژیان،..)یش بەهەمان

شــێوەیە، بە جۆرێك (ئازاد) لە پۆلەڕەگەزی ناو و ئاوەڵناو پۆلێندەكرێت. وشـــەی (ژیان) لە پۆلەڕەگەزی ناو و ناوی كرداریی (چاوگ) پۆلێندەكرێت. (ب) ژمارەیەكی زۆر لە وشـــە هەیە لەگەڵ ئەو پێناســـانە یەكناگرنەوە، كە خرانەڕوو، بۆ نموونە وشـــەكانی (خۆشـــەویســـتیی، نیشتیمانپەروەریی، ڕق، حەز،..) ئاماژە بە هیچ شتێك، كەسێك،.. ناكەن، بەڵام لە پۆلەڕەگەزی ناو پۆلێندەكرێن. وشـــەكانی (هەبوو، بوو،..) كردە و چالاكییان تێدانییە، بەڵام لە پۆلەڕەگەزی كردارن .

شـــا-مەرجی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی لە دیارییكردنی پۆلەڕەگەزی وشـــەكاندا، بایەخ بە فۆڕمی وشەكان دەدات. لێرەدا چەند تایبەتمەندییەكی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزەكان دەخەینەڕوو:

a. N+ مۆرفێمی كۆ /-ان/
b. N + مۆرفێمی ناسراویی /-ەكە/ و نەناسراویی /-ێك./
c. V+ مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو /-دە /
d. V + كلیتیكەكانی كۆمەڵەی /م – ین، یت-ن، ێت/ات – ن/ لە تافی ڕانەبوردوودا.
e. Adj + مۆرفێمی پلەی بەراورد /-تر/ و پلەی باڵا /-ترین./

(3)

a. N: دایكان، دایكەكە، دایكێك، باوكان، باوكەكە، باوكێك، منداڵان، منداڵەكە، منداڵێك،...
b. V: دەڕۆم - دەڕۆین، دەڕۆیت – دەڕۆن، دەڕوات – دەڕۆن
c. A: چاك – چاكتر - چاكترین

ناتوانرێت لە پۆلێنكردندا، ئەدگاری مۆرفۆلۆژییانەی هەر پۆلەڕەگەزێكی فەرهەنگیی بە لاوەبنرێت و ئارەزومەندانە نیشـــانەكان بەكاربهێنرێن. كردار ناتوانێت نیشـــانەكانی كۆ، ناسراویی، نەناسراویی، پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەربگرێت. ناو و ئاوەڵناویش نیشانەی تاف وەرناگرن.

شـــا-مەرجی مۆرفۆلۆژییانە بۆ دیارییكردنی چەشـــنی چەندین پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی بەكاردەهێنرێت، بەڵام ناتوانرێت (وەكو لە شـــا-مەرجی دواتر دەردەكەوێت ) بە تەنها شـــا-مەرجێكی تەواو و كۆتایی دابنرێت و بەكاربهێنرێت.

گرنگترین شـــا-مەرج بۆ دیارییكردنی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی وشـــەكان؛ پشـــتبەســـتنە بە گۆكردنی/ئەركی function سینتاكسیی، یان دابەشبوونی وشەكان لەو جێكەوتانەی، كە بۆیان دەگونجێن. ئێســـتا با تاقییكەینەوە و دیارییبكەین چیی پۆلەڕەگەزێكی فەرهەنگیی دەتوانێت لەم جێكەوتە بۆشانەی ڕستەكانی خوارەوەدا دەربكەوێت.

(4)

a. ئەو............... ی هەیە.
b. ئەو دەتوانێت...............
c. ئەو گوڵە............ەكە بۆندەكات .
d. ئەو.............. ڕێدەكات.
e. ئەو............ قوتابخانە دەڕواتەوە.

پۆلەڕەگەزی(N ، V، A، Adv، و P) دەتوانن لەو جێكەوتە بۆشانە دەربكەون. لە ڕستەكانی خوارەوەدا، پۆلەڕەگەزەكان لە جێكەوتە بۆشـــەكان دانراون. ئەوەی تێبینییدەكرێت، تا ڕادەیەكی زۆر تەنها یەك پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی دەتوانێت لەو جێكەوتە بۆشـــانەدا دەربكەوێت، ئەویش بەپێی دابەشبوون و گۆكردنی/ئەركی وشەكان دەبێت.

(5)

a. ئەو كۆمپیتەری/كتێبی/ئۆتومبێلێكی هەیە.

b. ئەو بانگگردی/گەورەی/بەپەلەی/لەی هەیە.

(6)

a. ئەو دەتوانێت مەلەبکات/وێنەبکێشێت.
b. ئەو دەتوانێت کۆمپیتەر/گەورە/بەپەلە/بە.

(7)

a. ئەو گوڵە سوورەکە/جوانەکە/پەمەییەکە/بچووکەکە بۆندەکات.
b. ئەو گوڵە کۆمپیتەر/مەلەبکات/بەپەلە/بۆ - ەکە بۆندەکات.

(8)

a. ئەو بەجوانیی/بەخێرایی/بەپەلە ڕێدەکات.
b. ئەو ڕادیۆ/وێنەدەکێشێت/سوور/لە ڕێدەکات .

(9)

a. ئەو بۆ/لە قوتابخانە دەڕواتەوە.
b. ئەو بۆ / لە کۆمپیتەر/ڕێدەکات/گەورە/بەخێرایی قوتابخانە دەڕواتەوە.

ئەو داتایانەی ئێستا خرانەڕوو، بە هەردوو نموونەی ڕستە ڕێزمانییەکان و نارێزمانییەکانەوە، دەریدەخەن، کە بۆ هەر جێکەوتەیەکی بۆش لە ڕستەکاندا، پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی تایبەتیی هەیە، ناتوانرێت ئارەزومەندانە و سەرپشکییانە پۆلەڕەگەزەکان بەسەر جێکەوتەکانی ڕستەدا دابەشبکرێن، بەڵکو ژینگەی سینتاکسیی syntactic environment دیارییدەکات، کە کام پۆلەڕەگەز دەتوانێت لە جێکەوتەکاندا دەربکەوێت (Carnie,2012:p33-35) .

**ئاوەڵناو لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا**

ئەگەر سەدەی بیستەم بەوە بناسرێتەوە کە زۆربەی تیۆریی و بۆچوونە زمانەوانییەکانی پەیوەست بەلێکۆڵینەوەی زمانی لە بوار و پسپۆرییە جیاوازەکاندا سەری هەڵدا بێت ، ئەوا ڕێزمانی بەرهەمهێنانان و گوێزانەوە توانی لە ماوەیەکی کەمدا باڵ بکێشێت بەسەر گشت بۆچونەکانی تر ئەم تیۆرە بوو بە بنەما بۆ تیۆرەکانی تر هەروەها گشت تیۆرە نوێکانی تر ناوەڕۆك و هەلوێستیان لە بواری زماندا بە پلەی یەکەم لەگەل ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بەراورد دەکەن ، زاراوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان کە لە ناوەراستی پەنجاکاندا لەلایەن چۆمسکیەوە دامەزرا ئەمەش ، پاش بلاو بونەوەی کتێبەکەی چۆمسکی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) ی لە ساڵی ١٩٥٧ هاتەکایەوە.

بە ڕای چۆمسکی فەرهەنگی ئاوەزیی وشەکانی زمانی تێدایە ، هەروەها (فەرهەنگ (lexicon) پێرەوی کۆ زانیارییەکانی زمانی مرۆڤە ،(زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکان لەفەرهەنگدا تۆمارکراون ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، ئاخێوەری گشت زمانێك دروستەی دروست و واتا راست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە (عەبدولجەبار مستەفا ، ٢٠٢٠: لا ٦) بەواتایەکی تر هەموو ئەو وشانەی لە ناو مێشکدا خەزنکراون زانیاری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان لە وشەنامەکەی ناو مێشکیدا تۆمارکراون ، هەروەها چۆمسکی پێی وایە زمان دیاردەیەکی هۆشەکییە بۆیە تەنها گرنگیدان بە پێکهاتە دەربڕینەکان لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەس نییە وەك لای رەوشتییەکان دەبینرا، کەواتە بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا وەك بابەتێك نزیکدەبنەوە لە زانستی زمانی دەروونی بەو پێیەی بەشەکانی ئاخاوتن لە روانگەی زانستی زمانی دەرونییەوە لە یادگەی درێژخایەن دا پارێزراوە هەروەها لەسەر بنەمای لێکچونی واتایی ، دەنگی..... هتد) پۆلینکراون بۆ نمونە ئەو وشانەی بەیەك فۆنێم دەستپێدەکەن یان ئەو وشانەی یەك واتایان هەیە .....هتد) لەم روانگەیەوە وشەکان کۆمەلێك زانیاری هاوبەش لە خۆدەگرن ئیتر ئەو بەشە ئاخاوتنە (ناو ، ئاوەڵناو ، ژمارە ، کردار

...هتد) بێت لەســـەر بنەمای ئەو زانیارییە هاوبەشـــانە بەیەکەوە پۆلێکی ڕێزمانی پێکدەهێنن لەم ڕوانگەیەوە ڕێزمانی بەرهەمهێنان تێروانینێکی مودولارییانەیان بۆ زمان هەیە هەر بۆیە لێکۆلینەوەی زمانیان دابەشـــکردوو بەســـەر چەند بوارێکی جیاواز و ســـەربەخۆدا هەریەکە لە (سـینتاکس ، سـیمانتیك ، مۆرفۆلۆژی ، فۆنۆلۆژی ، پراگماتیك ) یان جیاکردۆتەوە هەریەکەیان دوورە لەوانی تر و لە ئاوەزی مرۆڤیشدا جیاکراونەتەوە بۆ نمونە مودولی سینتاکس ئەو شوێنەی ئاوەز، کە گرنگی خستنە پالیەکی وشـەکانی زمان دەدات بۆ پێکهێنانی ڕسـتەکان بەهەمان شـێوە مۆدولی فۆنۆلۆژی گرنگی بە خسـتنەپاڵیەکی دەنگە زمانیەکان و یاسـا فۆنۆلۆژییەکان دەدات کە وشـەکانی زمانەکە پێکدەهێنن ئەم تێروانینە مودولارییانە بۆ زمان و ئاوەز ڕاسـتێتی جیاکردنەوە و دابەشـــکردنی زمان لێکۆڵینەوە زمانیەکان بۆ لق و وەچە لقی جیاواز دەســـەلمێنێت ئەو دارشـتانەی خۆیان جیاوازن و هاوبەشـییان نییە (کاروان عومەر& شـیلان رحیم، ٢٠١٩: ٢٨) لـە ڕێزمـانی بـەرهـەمهێنـان و گوێزانـەوە گرنگی زۆر بـە ســـینتـاکس دراوە لـەم ڕوانگـەیـەوە لێکدانەوەی ئاوەڵناو بە پێی ڕێزمانی هەمێنان و گوێزانەوە جیاوازە لە قوتابخانەی تەقلیدیی بەو پێیەی لە ڕێزمانی تەقلیدیدا ئاوەڵناو وەکو کەرەســـتەی ســـەربار و تەواوکەر دەبینرا بەڵام لە ڕێزمانی بەرهمێنان و گوێزانەوەدا ئاوەڵناو کەرەســـتەیەکی پرۆژەســـازدەر و حوکمکەر و دۆخدەرە لە خوارەوە ئەمانە دەخەینەروو .

**تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو لە تیۆریی بەرهەمهێناندا**

١. ئاوەلناوەکان وەکو بەشە ئاخاوتنێك یەکسانن بە فرێزی ئاوەڵناوی لە سینتاکسدا ، واتە هەموو ئاوەڵناوێك لە سینتاکسدا پرۆژە سازدانی فرێزێکی هەیە ، کە فرێزی ئاوەڵناوییە

٢. کاتێك ئاوەڵناوەکان لە سـینتاکسـدا لەگەڵ فرێزی ناوییدا دێن ، فرێزێکی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناوی پێکدەهێنن، کە ئاوەڵناوەکە دۆخی ڕێزمانیی بە فرێزە ناوییەکە دەبەخشـــێت (دۆخی خســـتنەپاڵی genitive ) هەروەها ئاوەڵناوەکە ئەرکی (بەکارهێنانی ئاوەڵناوی attributive ) دەبێت .




هێڵکاریی ١

٣. ئاوەڵناو لە دروستەی کرداربەندییدا وەك پریدیکات گۆدەکات/ئەرك دەبینێت ، چونکە کرداری بەستێنەر بەتەنها واتا نابەخشێت و توانای هەڵاوێرکردنیشی نییە بڕوانە نمونەی (١٠(

١٠. زستان ساردە .

٤. ئاوەڵناو لە دروســـتەی فرێزی خســـتنەپاڵیدا دەبێتە ســـەری فرێزەکە، ئەمەش جیاوازە لە بۆچوونی تەقلیدییەکان ئاوەڵناویان بە کەرەستەی سەربار دادەنا .

٥. جێکەوتەی ئاوەڵناوەکان لە فرێزەکاندا بەم شێوەیە :

أ/ لە جێکەوتەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا (attributive) ئاوەڵناوەکان سەرکۆتان.

١١. گوڵی سوور

ب/ لەپلەی بەراوردا ئاوەڵناوەکان لە جێکەوتەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا (attributive) ئاوەڵناوەکان سەرکۆتان .

١٢. خانوویەکی گەورەتر

پ/ لەپلەی باڵادا لە جێکەوتەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا (attributive) ئاوەڵناوەکان دەبنە سەر سەرەتا

١٣. بەرزترین خانوو

١٤. جوانترین گوڵ

**زانستی زمانی درکپێکردن**

سەر هەڵدانی ئەم ڕێبازە زمانییە دەگەڕێتەوە بۆسالانی (١٩٦٠ ـــــ ١٩٧٠) وەکو لقێك لە زانستەکانی درکپێکردن بەڵام سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە ئەنجامی ئەو نارەزاییانەی بەرامبەر ئەو ڕێباز و روانگەیە، کە باڵی بەسەر کایەکانی زمان و فەلسەفەدا کێشابوو، کە بریتی بوون لە رەتکردنەوەی ئەو تێروانینەی وەکو دەستهاتێکی سروشتی و زگماکی سەیری زمانی دەکرد پێی وابوو زمان لە یەکەی داخراوی ئاوەزدا خۆی دەنوێنێ، ئەم قوتابخانە زمانییە لە ئێستادا بە یەکێك لە لقە هەرە گرنگەکانی زانستی زمان دادەنرێت بواری لێکۆلینەوەکانی زۆربەی لایەنەکانی زمانی گرتۆتەوە بە ڕێگەی نوێ و بۆچوونی زانستی نوێ لێکدانەوە لە زمان و ئاوەزی مرۆڤ و کایە زمانییەکان دەکات چەقی لێکۆلینەوەکانی ئەم زانستە بریتیە لە واتا گرنگییەکی زۆر بە واتا و کردە چەمکییەکان و بەجەستەکردنی شارەزایی لە لێکۆلینەوەی زمان لەگەڵ ئاوەز و ڕێگەی تێکەڵبوونیان بەیەکەوە دەدرێت زانستی زمانی درکپێکردن قوتابخانەیەکی هاوچەرخی لێکۆلینەوەی زمانییە ،کە تیایدا کۆزانیاری زمانی وەك بەشێك لە درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ و بیرکردنەوە دەخاتە ڕوو و توانای زمانی لە توانا درکپێکراوە گشتیەکانی مرۆڤ جیاناکاتەوە پێی وایە ،کە زمان تەنها کۆنکرێتکەری بەرفراوانی توانا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤە کە ئەم توانا درکپێکراوانەش بە هیچ شێوەیەك دابڕاو نین لە جەستەی مرۆڤ )(کاروان عومەر،٢٠١٩: ٢٧(

**ئاوەڵناو لە ڕێزمانی درکپێکردندا**

لە ڕێزمانی درکپێکردندا، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی دوو سکێمای schema ڕێزمانیی هەیە، یەکەمیان سکێمای شتەکان things: ئەو سکێمایەیە، کە لە ڕێزماندا ئاماژە بە ناو' دەکات. دوهەمیان سکێمای پەیوەندییە'things، کە بۆ جۆری کاتیی/کاتدار' temporal و جۆری بێ-کات' atemporal دابەشدەکرێت. وەچە-سکێمای subschema کاتدار ئاماژە بە پێواژۆکان دەکات (کردار). وەچە-سکێمای بێ-کاتیش ئاماژە بە (ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکردارەکان، پێشناوەکان، کردارە بێ-تافەکان / چاوگەکان infinitive) دەکات. بڕوانە هێڵکاریی (١) (Langaker, 1991, p. 5) و (Langaker, 2008, pp. 98-100) .




هێڵکاریی (٢): سکێمای ڕێزمانیی و وەچە-سکێماکانی

ئاوەڵناوەکان بەپێی دروستەی سیمبوڵییانە/ڕەمزییانە Symbolic structure بە پەیوەندیی بێ-کات لێکدەدرێنەوە. سکێمای پەیوەندیی بێ-کات تەنها ئاوەڵناوەکان ناگرێتەوە، وەکو لە هێڵکاریی (١)دا خرایەڕوو، بەڵکو سیمبوڵە هاوشێوەکانی دیکەیش دەگرێتەوە، وەکو: ئاوەڵکردار، پێشناوەکان، چاوگ.(Frännhag, 2013, 56)

دوو چەمکی ڕێزمانیی گرنگ لە ڕێزمانی دڕکپێکردندا ڕێڕەو trajectory ‘و landmark / خاڵی دەرکەوتوو‘ە. ڕێڕەو یەکەم بەشداربوو و دیارترین بەشداربووە لە پەیوەندیی دەرکەوتوودا. خاڵی دەرکەوتوویش / لاندمارك دووەم بەشداربووی پەیوەندیی دەرکەوتووە (Evans, 2007, p. 119, 214).لە کاتێکدا ڕێڕەو دەرکەوتووترین فیگەرە لە دەربڕیندا، لاندمارکیش دووەم فیگەری دەرکەوتووی دیارە. لە پێکهاتوویەکی تێپەڕیی نموونەییدا، ڕێڕەو هەمیشە یان کارایە agent یان ئامرازییەinstrumental ، لە بەرامبەردا لاندمارك کارتێکراوە patient (Sew, 2008, p.1) .

١٥. <u>ئەو</u> <u>جلێکی</u> کڕی.
tr lm

Taylor سکێما ڕێزمانییەکانی لە ڕێزمانی دڕکپێکردندا بە جۆرێك پۆلێنکردووە، کە ئاوەڵناوەکان بە ڕێڕەوی نۆمینال دانراون. ڕێڕەوی نۆمینالیش لەگەڵ ڕێڕەوی پەیوەندییانەدا (ئاوەڵکردارەکان) لاندمارکی تێئاخێنراو پێکدەهێنن. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢) بۆ پۆلێنکردنەکە (١٩٩٦، ٩١).




هێڵکاریی (٣): پۆلێنکردنی سکێمای ڕێزمانیی بە لای Taylorەوە

**دەرکەتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا**

ناو و ئاوەڵناو پەستانێکی واتایی لەسەریەك دروستدەکەن، بە جۆرێك، کە تایبەتمەندییەکانی ناوەکە لێکدانەوەی ئاوەڵناوەکە دیاریدەکات. هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناوەکەیش ئەوە دیارییدەکات، کە چی جۆرە ناوێك لە دروستەی فرێزەکەدا دەربکەوێت .(Paradis, 2000, 2)

بۆ نموونە بڕوانە ئەم فرێزەی خوارەوە:

١٦. پیاوی بەتەمەن

ناوەکە (پیاو) بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە ئەوە دیاریدەکات، کە ئاوەڵناوی لە جۆری (بەتەمەن) لە لەگەڵیدا دەربکەوێت. بەڵام ئاوەڵناوەکانی لە جۆری (بچووك- بۆ تەمەن، هەرزەکار،..هتد) لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ناوەکەدا پەیکاڵ نابێت. هەروەها بە پێچەوانەوە، تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناوی (بەتەمەن) ئەوە دیاریدەکات، کە ناوی لە جۆری (پیاو) لەگەڵیدا دەربکەوێت. بەڵام ڕێگەنادات ناوەکانی لە جۆری (منداڵ، ساوا، کۆرپە،..هتد) لەگەڵیدا دەربکەون، چونکە لە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناوەکە پەیکاڵ نیین (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

کاتێك ناو و ئاوەڵناو دەخرێنەتەکیەك، یەکەیەکی ئاڵۆزتر پێکدەهێنن. ئەو میکانیزمەی، دوو توخمی پێ دەخرێنەتەکیەك و دەبنە فۆڕم-دروست و دەتوانرێت واتاکەیان لێکبدرێتەوە (لێکدانەوە (interpretation، پێیدەگوترێت میکانیزمی بەبڕشـــتییە .Valence بە لای Langakere

(1988,102)ەوە پەیوەندیی بەبڕشـتیی لە نێوان دوو توخمدا تەنها لە یەك دۆخێكدا دەگونجێت، كاتێك توخمەكان چوونەناویەك بن. واتە هەندێك لە وەچە-دروسـتـەی ناو یەكێكیان لە ڕێگەی پەیكاڵبوونی لەگەڵ ئەوەی دیكەیان لێكدەدرێتەوە''. هەر بۆیە، لێكدانەوەی ئەو ئاوەڵناوانەی، كە چەند-واتایین polysemous بەزۆریی لە ڕێگەی ناوە پێوەسـتەكانیانەوە دەبێت (Paradis, 2000, 5).بۆ نموونە ئاوەڵناوی (گەورە) لە زمانی كوردیدا ئاوەڵناوێكی چەند-واتاییە، چونكە ئەم واتایانەی لەخۆگرتووە (تەمەن، قەبارە) بڕوانە (١٧، ١٨):

١٧. ژوورە گەورەكەمان (قەبارە)
١٨. برا گەورەكەمان (تەمەن)

واتا جۆرجیاوازەكانی ئاوەڵناوێكی چەندواتایی لە كۆنتێكسـتدا/دەوروبەردا پشـتدەبەسـتێت بە واتاكانی ئەو ناوەی، كە دەخرێتەكەی (خسـتنەتەكیەك). ئاوەڵناوەكەیش دەتوانێت لێكدانەوەیەكی هەڵاوێركراو بۆ ناوەكە بخاتەڕوو (سـەرچاوەی پێشـوو، هەمان لاپەڕە). بۆ نموونە ئاوەڵناوی (ڕووڕەش) لە (١٩)دا.

١٩. كەسێكی ڕووڕەش (واتە كەسێكی خراپ/بێزراو/نەویستراو/ ..هتد دەگەیەنێت)

لە ڕێگەی كۆنتێكسـتەكەوە چەندواتایی ئاوەڵناوەكە ڕوون بووەتەوە. هەروەها هەر لە ڕێگەی كۆنتێكستەكەوە ئاوەڵناوەكە لێكدانەوەی هەڵاوێركراوی بۆ ناوەكە كردووە.

ئاوەڵناو لایەنێكی دیاریكراوی ناوەكە هەڵاوێردەكات و بەو لایەنەوە دەبەسـترێتەوە (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە). بۆ نموونە بڕوانە ئاوەڵناوی (سوور) لە (٢٠)دا.

٢٠. سێوە سوورەكە

لە نموونەی (٢٠)دا، ئاوەڵناوی (سـوور) تەنها لایەنی ڕەنگی ناوەكەی (سـێوەكە) هەڵاوێركردووە، بەڵام نەیتوانیوە لایەنەكانی دیكەی ناوەكە (بۆ نموونە، قەبارەكەی، كێشـی) هەڵاوێربكات و بیخاتەڕوو. كەواتە هەر ئاوەڵناوێك دەتوانێت لایەنێكی دیاریكراوی ناوەكە، كە هەڵگریەتی، هەڵاوێری بكات و بیخاتەڕوو. كۆی ئاوەڵناوەكان پێكەوە دەتوانن هەموو لایەنەكانی ناوەكە بخەنەڕوو. بڕوانە (٢٢-٢١).

٢١. سێوە بچووكەكە
٢٢. سێوە ساغەكە

ئاوەڵناوەكان بە شـێوەیەكی بنەڕتیی پۆلێكی تەمومژاویی و لێڵن، چونكە لە ڕووی سیمانتیكییەوە دیاریكراونیین. بۆ ئەوەی لێكدانەوەیەكی تەواو بۆ ئاوەڵناوەكان بكرێت، پێویستیان بە ناوێكە (Paradis, 2000, 6).بۆ نموونە، نازانرێت ئاوەڵناوی (بچووك/گەورە) ئاماژە بە (قەبارە) یان بە (تەمەن) یان بە (پلەوپایەی كۆمەڵایەتیی) دەكات؟ ئەوە ناوەكانە، كە ئەم لێڵییەی ئاوەڵناوەكان دەرەوێننەوە و لێكدانەوەیەكی دیاریكراو بۆ ئاوەڵناوەكان دەكەن. بڕوانە (٢٣- ٢٦)

٢٣. ژوورە گەورەكەمان/بچووكەكەمان (قەبارە)
٢٤. برا گەورەكەمان/بچووكەكەمان (تەمەن)
٢٥. تۆ گەورەی ئێمەیت (پلەوپایەی كۆمەڵایەتیی)
٢٦. من بچووكی ئێوەم (پلەوپایەی كۆمەڵایەتیی)

**پۆلێنكردنی چەشنەكانی ئاوەڵناو**

Shefferبەپێی ڕێزمانی دركپێكردن دوو چەشـن ئاوەڵناوی جیاكردووەتەوە (١) ئاوەڵناوی چـەشـنـە نموونـەییـەكـانprototypical adjectives ، لایـەنێكی واتـایی نـاوەكیی نـاوەكـان دەردەخـات (٢) ئـاوەڵنـاوی دایـەكتیكdeictic adjectives ، دیـاریكردنی و پـەیوەسـتبوون هاوبەشـیبوونی نێوان ڕۆڵ و ئەو بەها تایبەتەیە، كە داوایدەكات. (١٩٩٦, p441).ئاوەڵناوی دایەكتیك ئاماژە بە وشـەیەك یان دەربڕاوێك دەكات، كە واتاكەی پشـتدەبەسـتێت بەو

کۆنتێکستەی/دەوروبەرەی تێیدا بەکارهێنراوە (وەکو: لێرە، لەوێ، ئەو کەسە، ..هتد (Sew, 2008, p2)

هەر لە ڕێزمانی درکپێکردندا، ئاوەڵناوەکان بۆ دوو چەشنی دیکە دابەشکراون، کە ئەوانیش (١) ئاوەڵناوی پێوانەیی/ستاندارد (٢) ئاوەڵناوی جودا. هەردوو چەشنەکەیش بەکارهێنان و دەرکەوتنیان وەکو دوو چەشنەکەی پێشووی ئاوەڵناوە، بە جۆرێك (١) ئاوەڵناوی جودا وەکو ئاوەڵناوی دایەکتیك و (٢) ئاوەڵناوی پێوانەیی وەکو ئاوەڵناوی چەشنە نموونەییەکانە (Sew, 2008, p7).

جیاوازیی سیمانتیکیی-سینتاکسیی لە نێوان ئاوەڵناوی جودا/دایەکتیك و ئاوەڵناوی پێوانەیی/چەشنە نموونەییەکاندا هەیە. ئاوەڵناوی جودا بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەیە attributive useو دەشێت کاتیی بێت. بەڵام ئاوەڵناوی پێوانەیی/چەشنە نموونەییەکان کوالێتیی و جۆرێتیی هەبووەکە بەشێوەیەکی بەردەوام دەردەخات. ئاوەڵناوی جودا لە جێکەوتەی پریدیکاتدا دەرناکەوێت. تەنها ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بەشێوەی جودا و پێوانەیی بەکاردەهێنرێن، دەتوانن لە جێکەوتەی پریدیکاتدا دەربکەون (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە).

٢٧. قوتابخانەکەی ئاسۆ کۆنە.

کەواتە دەتوانین دوو چەشنی ئاوەڵناو لە یەك-جیابکەینەوە:

١- ئاوەڵناوی پێوانەیی یان چەشنە نموونەییەکان.

٢- ئاوەڵناوی جودا یان دایەکتیك.

لە زمانی کوریدا ئاوەڵناوی دایەکتیك نییە، چونکە ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی لە هەردوو جێکەوتەی پریدیکات و بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا دەردەکەن

٢٨. دارە بەرزەکە لە دوورەوە دیارە. بەکارهێنانی ئاوەڵناوی

٢٩. دارەکە بەرزە . پریدیکات

Dirven پێنج جۆری سەرەکیی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوی دیاریکردووە.

١- ئەو ئاوەڵناوانەی، کە کوالێتیین/جۆرێتیین، وەکو: جوان، باش، ..هتد.

٢- ئەو ئاوەڵناوانەی، کە پەسنی ناوەکە دەکەن descriptive لە ڕووی (قەبارە، شێوە، تەمەن، ڕەنگ)ەوە، وەکو: گەورە، بازنەیی، بەتەمەن، سوور.

٣- ئەو ئاوەڵناوانەی، کە وەکو ناوی بکەر و ناوی بەرکار بەکاردەهێنرێن، وەکو: نووسەر، بریندار.

٤- ئەو ئاوەڵناوانەی، کە ڕەگەز و بنەچە دەردەخەن، وەکو: ئەڵمانیی، چینیی.

٥- ئەو ئاوەڵناوانەی، کە پەیوەستدارن، وەکو (بەردیی، داریی، پلاستیکیی).

(1999, 58)

**ڕیزبوونی جۆرەکانی ئاوەڵناو**

ڕیزبوونی ناوەکییانەی ئەو ئاوەڵناوانەی، کە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی (قەبارە، شێوە، تەمەن، ڕەنگ) دەکەن، بە هۆی ڕێسای دیار و دەرکەوتووەوەیە saliency principle. ئەو چوار چەشنە ئاوەڵناوە زیاتر ئاوەڵناوی بابەتیانەن. بەڵام ئەو ئاوەڵناوانەی، کە تایبەتمەندییەکانی (جوانیی، نایاب، بێوێنە، ..) زیاتر ئاوەڵناوی خودیین و وابەستەی ئەو ناوەن، کە ئاماژەی بۆ دەکەن و دەبنە دەرخەری. ریزبوونی ئەو ئاوەڵناوانەی بابەتیانەن بەپێی درککردنی مرۆڤە. مرۆڤ سەرەتا درك بە (قەبارە)ی هەبووەکان دەکات، پێش ئەوەی درك بە (شێوە)ی بکات، درك بە (قەبارە و شێوە)ی هەبووەکان دەکات، پێش ئەوەی درك بە (تەمەن/کاتی دروستبوونی) هەبووەکان بکات، لە پێش ئەوەی درك بە (ڕەنگ)ی هەبووەکان بکات، درك بە (قەبارە و شێوە و تەمەن/کاتی دروستبوون)ی دەکات. ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان بەپێی ڕێسای دیار و دەرکەوتوو لە (١٤)دا دەخرێتەڕوو.(Dirven, 1999, 63)

٣٠. قەبارە > شێوە > تەمەن > ڕەنگ

٣١. خانوویەکی گەورەی چوارگۆشەی نوێم کڕیی.
٣٢. فەرشێکی گەورەی لاکێشەیی قاوەییم کڕیی.
٣٣. کۆترێکی بچووکی سپیی

**ئەنجامەکان**

لەم لێکۆلینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین:

١. ئاوەڵناوەکان لە قوتابخانە جیاوازەکاندا لێکدانەوە و تێروانین و پۆلینکردنی جیاوازیان بۆکراوە .

٢. لە ڕێزمانی تەقلیدییدا چەند جۆرێك ئاوەڵناو دیاریکراون، کە هەندێکیان لە ڕوانگەی دوو قوتابخانەکەی ترەوە بە ئاوەڵناو دانانرێن .

٣. لە ڕێزمانی تەقلیدییدا بەهۆی فرە پێوانەیی لە دیاریکردنی پۆلی ناوەکاندا نەتوانراوە بەتەواوەتی ژمارە و جۆری ئاوەڵناوەکان پۆلێنبکەن، هەر ئەمەش وایکردووە چەندین فۆرم ،کە ئاوەڵناونین بەلام بە ئاوەڵناو دانراون .

٤. لەرێزمانی بەرهەمهێناندا ئاوەڵناوەکان بە پێی جێکەوتەو ئەرك و حوکمکردن و دۆخ پێدانەوە پۆلینکراون .

٥. ئاوەڵناو لە ڕێزمانی تەقلیدییدا وەکو کەرەستەی سەربار و دیارخەر و کەرەستەی لاوەکی لە ڕستەدا دانراوە، بەلام لە ڕێزمانی بەرهەمێناندا ئاوەڵناوەکان بە سەری ڕێزمانی فرێزە خستنەپاڵییەکان دانراون، واتە کەرەستەی خورتین و هەروەها بە کەرەستەی دۆخ پێدەرو حوکمکەر دادەنرێن .

٦. لەرێزمانی درکپێکرندا ئاوەڵناوەکان بەپێی درکپێکردن پۆلینکراون، واتە چۆن درك دەکرێت بە تایبەتمەندیەکان ئاوەڵناوەکان چۆن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ناوەکەدا یەکدەگرنەوە .

٧. لە ڕێزمانی درکپێکرندا دەرکەوتنی ئاوەڵناوەکان بەپێی ڕێگە پێدانی تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوەیە کە پێوەی بەستراوە، واتە ئاوەڵناوەکە بۆ خستنەرووی تایبەتمەندییەکی ناوەکە لە فرێزەکەدا دەردەکەوێت .

٨. گرنگترین جیاوازی نێوان زانستی زمانی درکپێکردن و قوتابخانەکانی تر (تەقلیدیی و بەرهەمهێنان ) سەبارەت بە ئاوەڵناوەکان ئەوەیە، کە چەند واتایی (Polysemous) ئاوەڵناوەکان لە ڕێزمانی درکپێکردندا لە ڕێگەی کۆنتێکستەوە ڕووندەکرێتەوە بەلام لە ڕێزمانی تەقلیدیی و بەرهەهێناندا چەند واتایی ئاوەڵناوەکان جێی بایەخی ئەو دوو قوتابخانەیە نەبووە .

**سەرچاوەکان**

بەزمانی کوردیی


1. Ahmed, H. (1976) Rezimani Kurdi. bergi yekem. dar al-jahiz. Begdad.
2. Amin, N. (2014) Rezimani Kurdi. Capi seyem. Capxaney Minare. Hewler
3. Bahadin, S. (1976) Rezimana Kirmanci. Begdad.
4. Cigerxwen (1961) Awa au destura zimani Kurdi. Begdad.
5. Hewrami, M. (1973) Seretayek le filoloji zimani Kurdi: Begdad.
6. Kaban, S. (1928) Muxteser serf u nehwi Kurdi. Begdad.
7. Lijney ziman u zanstekani le koRi zanyari Kurd (2011) Rezimani axewtni Kurdi. Capi duwem. Capxaney Aras: Hewler.
8. Marif, A. (1979) Rezimani Kurdi. beshi syyem – aweLnaw. KoRi zanyariy ′eraq. Begdad.
9. Mistefa, A. (2020) LekoLinewe le ferheng u syntaksi Kurdi. bergi yekem. Capi yekem. Capxaney Sara: Slemani.

10. Qadir, K. and Rahim, S. (2019) Peypebirdni ferhengi awezi le zimani Kurdi le Cewey zimani dirkpikirdinda. govari zankoy HeLebce.
11. Wehbi. T. (1929) Desturi zimani Kurdi. cizmi yekem. Begdad.

**به زمانی ئینگلیزیی:**

1. Carnie,A.(2012) Modern syntax: A coursebook,Cambridge:Cambridge university press.
2. Dirven, R. (1999) ′The cognitive motivation for adjective sequences in attribution′, Journal of English Studies, Vol. 1, pp. 57-67.
3. Evans, V. (2007) A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh: Edinburgh University Press Ltd.
4. Frännhag, H. (2013). Interpretive Functions of Adjectives in English : A Cognitive Approach. (Lund Studies in English; Vol. 116). [Publisher information missing].
5. Langacker, R. (1988) The nature of grammatical valence, in B. Rudzka-Ostyn, ed., ‘Topics in cognitive linguistics’, Benjamins, Amsterdam, pp. 91–125.
6. Langaker, R. (1991) Foundation of Cognitive Grammar, Vol. 2, Stanford: Stanford University Press.
7. Langaker, R. (2008) *Cognitive Grammar*, Oxford: Oxford University Press.
8. Paradis, C. (2000). Reinforcing adjectives: A cognitive semantic perspective on grammaticalization. In R.Bermúdez-Otero, D. Denison, R. Hogg, & C. B. McCully (Eds.), Generative theory and corpus studies (Vol.Topics in English linguistics ; 31, pp. 233-258). Mouton de Gruyter.
9. Sew, Jyh W. (2008) ′Temporal Adjectives in Cognitive Grammar′, Centre for Language Studies,Vol. XXXIII, No. 1, pp. 1-10.
10. Sheffer, Ronald E. Jr. (1996) Roles, Values, and Possessives: Deictic Adjectives in Noun Phrase. In Goldberg, Adele E. ed. Conceptual Structure, Discourse and Language,435-447. Stanford: CSLI.
11. Taylor, John R. (1996) Possessives in English: an exploration in cognitive grammar.Oxford: Clarendon Press.